*Gothenburg Committè of* **کۆمەڵە** *komala party - Iranian kurdistan*

http://mskomala.blogfa.com

.......................................................................................................................................

**ئاکسیۆنی پشتیوانـــی لە پەنابەران لە وڵاتی ســـوئێـــد** 01-04-2006

سازمانی ئەمنستی بۆ پەنابەران ئەمرۆ 06.03.29 بۆ پشتیوانی و دیفاع لە پەنابەران خۆپیشاندانێکی لە بەرانبەر پارلمان لە شاری ستۆکهۆڵم پایتەختی سوئێد سازکرد. هەروەها لە یۆتۆبۆریش ئوتوبوسێک لە لایەن ئەم سازمانە و بە بەشداری پەنابەران و لایەنگرانی مافی پەنابەری بەرەو ستۆکهۆڵم ڕێکەوت، جێگای ئاماژەیە وڵاتانی ئوروپایی لە دوای ساڵەکانی 1997 و 1998 سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەرانیان گۆڕیوەو دەرگایان لە هاتن و قەبوڵ کردنی پەنابەر داخەستوە، کۆنترۆڵ و تەعقیبی و وەڵامی نێگەتیڤیان زور داوەتەوە بە گشتی و سوئدێش وەک باقی وڵاتانی ئوروپایی ئەم سیاسەتەی گرتووەتە پیش بە تایبەت لە دوای ساڵی 2000 ەوە، هەر بۆیە حەرەکەت و جوڵانەوە و نارەزایەتی لە ناو تەیفێکی بەربەڵاو لە خەڵک و لەیەنی جۆراوجۆر دەستی پێکرد. سازمانی ئەمنستی بۆ پەنابەران لە سەرەتای ساڵی 2005 دا و بە پشتیوانی لە پەنابەران و دژ بە سیاسەتی دوڵەت، لەسەر مافی پەنابەری پێکهات. دامەزرێنەرانی ئەم حەرەکەتە پێکهاتوون لە Folk Parti, Vänster Parti, Krist Demokrat, Miljö Parti وە تا ئێستا توانیویانە چەند خۆپێشاندانی گەوری چەند هەزار کەسی لە شارە گەورەکانی سوئێد ڕێکبخەن، ئەم ڕێکخراوە کاریگەری و رونکردنەوەی باشی هەبووە لە سەر بارودۆخ و گیروگرفتی پەنابەران لە ناو خەڵکی سوئێددا بە گشتی و توانیان تا ئەندازەیەک پاشەکشە بە دەوڵت بکەن و سەر لە نوێ پەروەندی پەنابەران بکەویتەوە بەر باس و لێکولێنەوەو بوو بە هۆی ئەوەی کە چەند هەزار نەفەر ئێقامەت بگرن.

چەند کەس لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە شاری یۆتۆبۆری بەشداری ئەم خوپیشاندانەیان کرد، شایانی باسە کە کاک فەرزین خوسرەوی (هەورامی) ئەندامی چالاکی دەستەی بەرێوەبەرایەتی رێکخراوی ئەمنستی بۆ پنابەرانە لە یۆتۆبۆری و ناسراوەو دەورو ڕۆڵی باشی هەبووە لەم حەرەکەتەدا.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەشداربووان و ئامادەبوان کرا، پاشان وتاری Press Meddelande (پرێس مێدێلاندەی) ئەمنستی بۆ پەنابەران لە لایەن بەڕێز فەرزین خوسروی (هەورامی) خوێندرایەوە، پاشان وتاری نوێنەرانی حیزبی چەپ لە لایەن kalle Larsson – Miljö partiet Gustav Fridolin – Sven brusbirgita Karlsson – Ann Mariekström folk parti kristdemokrater خوێندرایەوە، قسەو باسی ئەم بەڕێزانە سەرجەم بریتیی لە پشتیوانی و تێکوشان و هەوڵی زۆرتر بۆ مەسەلەو کێشەی پەنابەران بوو، ئاماژە

بەوە کرا کە پەنابەران لە دەست کوشت و کوشتارو زیندان و ئیعدام و بێعێداڵەتی وڵاتەکانیان بەجێ هێشتووەو خویان گەیاندووەتە سوئێد بە هیوای ژیانێکی ئارام و دور لە ترس و تەعقیب و دڵەراوکێ. وڵاتی سوئێد ئەبێت ئارامی و ئاسودەیی و ژیانی ئاسایی تیا بێت نەک پەنابەران لێرەیش لە ترسی پۆلیس گیان و رۆحیان هەر لە ئازاردا بێت. دڵنیا بن ئیمە ناسرەوین وهەوڵ دەدەین دەنگ و داواکاری ئێوەی پەنابەر بەرینە ناو پارلمان وکوڵ نادین تا خواستەکانمان بە ئانجام نەگەیەنین.

نوێنەری سیاسی Barbro Holnberg وزیری ئیداری بێگانە Martin sandgren لە شوێنی کۆبونەوەکە ئامادە بوو، جەمعێک لە پەنابەران لە سەر گیروگرفتی سیاسی خۆیان و وڵاتانێ کە لێیهاتوون قەسەو باسێکیان لەگەڵ کرد. لەم خۆپێشانەدا بە ئەندازەی ئەندامانی ناو پارلمان پاسپۆرتێک دروست کرا بوو کە شەرحی حاڵی جەمعێک لە پەنابەرانی تێدا نوسرابوو بۆ هەموو بەشداربووان و ئەندامانی پارلمان نێردرا.

<u>چەند وێنەیەک لە خۆپیشاندانەکە:</u>




2005 2005
EXCO
2006 3 29


2006 3 29


www.flyktingamnesti.nu
2006 3 29


KÄRLEK
FLYKTING
- VILKET UND
2006 3 29


2006 3 29


2006 3 29


2006 3 29


2006 3 29




**Tel +Fax : 031 330 80 48 Mobil : 0704758070**
**E . mail : [komala.gbg@gmail.com](mailto:komala.gbg@gmail.com) Postgiro 38 40 45 - 1**
**Adress : Box 101 post nr 424 23 Angered Göteborg Sweden**